

# ئیدئۆلۆژی و پێکهاتەی فکری کۆمەڵگا

نیگار عنایەتی

تیۆریەکی سیاسی کە چۆن کۆمەڵگایەک بەرێوە بچێت پێ دەڵێن ئیدیۆلۆژی.
وشەی ئیدیۆلۆژی بۆ یەکەم جار لە ساڵەکانی 1800 لە بواری سیاسی بە کار هێنرا.

لە جیهاندا زۆر بیرو رای فکری جیاواز هەیە کە چۆن کۆمەڵگا بەرێوە بچێت.
بۆ ئەوەی بیرو رایەک و فکریەتیک ببێت بە ئیدیۆلۆژی پێویستە فکریەتەکە ڕێنیشاندەری هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگا بێت، و لە هەموو بوارەکاندا تیۆری دابرێژێت.
لە هەمان کاتدا دەبێ وابەستەگیەکی لۆژیکی لە بەینی بەشەکانی ئیدیۆلۆژی هەبێت.
ئیدیۆلۆژیەک دەبێ وەڵامدەرەوەی هەموو پرسیارە بنچینەیەکانی کۆمەڵگا بێت،کە چۆن کۆمەڵگا ئیستا بەرێوە دەچێت و دەبی لە داهاتوو دا چۆن بەرێوەبچێت.و بە پێی بەڵگە لە بواری سیاسی گۆرانکاری لە کۆمەڵگا دروست بکات.

ئێمە لەو چەند سەد ساڵەی رابردوودا وشەی (ئیسم) بیستوە وەکو (کۆنفیدرالیسم ، ئیدەئالیسم، لیبەرالیسم و ئیمپەریالیسم، سوسیالیسم)ئەمانەی کە ئاماژەم پێ کرد هەمووی ئیدیۆلۆژین و هەر یەک لەوانە بەرنامەو پلانێکی تایبەتیان هەیە بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵگاکان. دەبێ ئەوەش بزانین کە هەموو ئیدیۆلۆژیەک ناتوانێ وەڵام دەرەوەی هەموو پرسیارەکانی سیستمی نێو کۆمەڵگا بێت.ئیدیۆلۆژیەکان بە گوێرەی بارودۆخ و شوێن و کاتی کەسایەتیەکانی داهێنەری فکریەتی نوێ دەگۆردرێت.بۆ نمونە ( کارڵ مارکس) لە بنەماڵەیەکی ە فکریەتێکی سەرمایەداری بە دەنیا هاتوە و بۆ چینی کرێکار خەباتی دەکرد ، ئیستا ئێمە لەم کاتەی کە تەیدا دەژین ناتوانین فکریەتێکی مارکسیسمی لە کۆمەڵگای ئەمرۆ پەیرەو بکەین.
بۆیە پێویستە لە هەر سەدەیەکدا فکریەتێکی نوێ بە گوێرەی باروودۆخی کۆمەڵگا بێتە ئاراوە.
بەڵام ئەمە بەو واتایە نیە کە ئێمە ئەزمونی فکریەتی رابەردوو وەلا نێن.
ئێسا ئێمە زۆر لە ئەزمونی فکریەتی رابردوو پەیرەو دەکەین بەڵام بە شێوەیەکی نوێ و بە پێ هەلومەرجی رەخساو.
لە کاتێکدا باروو دۆخی کۆمەڵگایەک لە ئیدیۆلۆژیەک دا بەراوورد دەکەین دەبێ رۆڵی ئیدیۆلۆژیەکە لە چەند خالیک دا هەڵسەنگێنین.
_ گۆرانکاری بە سەر کۆمەڵگادا بە پێ بەڵگە
ئیدیۆلۆژیەک هەر بە مەبەستی لیکدانەوەی و شێکردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگا نیە، وە دەبێ لە هەمان کاتدا چارەسەریەکی هەبێت بۆ کێشەکانی ناوخۆی کۆمەڵگا وە بە بەڵگە تۆژینەوەو رێگای چارەسەریەکانی بێنێتە روو.بۆ نمونە ئێمە دەتوانین سوسیالیسم بێنینەوە. ئەم فکریەتە تەنیا کێشەکانی کۆمەڵگا هەڵناسەنگێنێت، وە لە هەمان کاتدا رزگاری چینی بن دەست نێشان دەدات.
_رۆڵی هێزی پاراستن
لە جموجۆلی سیاسی و گۆرانکاریەکانی نێو کۆمەڵگا کێشەی جۆراوجۆر رووبەروو دەبێتەوە.
بۆ خۆپاراستن و مەتمانە بەخشین بە لایەنگرانی ئەم بیروو بۆچونە پێویستی بە هێزی پاراستن هەیە.
_رۆڵی عادڵانە
دەبێ بە بێ جیاوازی لە بەینی چین و توێژێک رۆلیکی عادڵانە ببینێ.

www.dengekan.com
3/2/2006

_رۆڵی کۆکردنەوە و بڵاو کردەنەوە.
یەک ئیدیۆلۆژی رۆڵی کۆکردنەوەو بڵاو کردنی گروپی جیاواز دەبینێ. دەبێ بتوانێت سیستمی بەرێوە بەریەتی و کۆکردنەوەی لایەنگران و هاو فکران بە سێوەیەکی گشتی لە یەک نزێک کاتەوە.و لە هەمان کاتدا دەبێ رۆڵی دروست کردنی ناکۆکی لە بەینی گروپەکاندا ببینێ بۆ پیشخستنی پێشبرکێیەکی سالەم و داهێنانی فکریەتی نوێ.
_رۆڵی شی کردنەوەی دین
یەک ئیدئۆلۆژی دەتوانێت شوێنی یەک سیستمی توندرەوی دینی بگرێت.کاتێک فکریەتێک خۆی بە تەنیا رِێگای راست و دروست و تەنیا ئالتەرناتیڤێک دانا ئەوە ئەم فکریەتە لە چاڵاوێکی تاریک دایە و رِێگای دیتنی راستیەکانی لە خۆی بەستووە. لایەنگرەکانیشی لە شیستمێکی بەستراو دا ماونەتەوە. لەو سیستەمە ستەمکاری و ماف پێشێل کردن و رێگا نەدان بە دیتنی راستیەکان لەوێ بەدی دەکرێت و تەنیا قوربانیەکانیشی ژنان و لاوانەن لەو سیستەمەدا.

با ئاماژەش بەوە بکەین کە نێوی هەر پارتێک و رێخراوەیەکی سیاسی لە ئیدیۆلۆژیەکەیەوە دێت.بەڵام مەرج نیە کە ئەو پارتە و سیاسەتەکەی هەمان ئیدیۆلۆژی پەیرەو بکات ئەوە لە پراکتیکی کارەکانیاندا دەیبینین. نێوی پارتەکە زۆرجار سیاسەتی پارتەکەمان بۆ دیار ناکات.
پارتێکی سیاسی دەبێ سیاسەتەکانی خۆی بە گوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵگا رێکبخات و لە رووداوەکانی رۆژانە هەڵوێست نیشان بدات.و بۆ بەدیهێنانی پرۆژەکەی پێویستی بە هاوکاری پارت و رێخراوە سیاسیەکانی دیکە دەبێت پێویستە بە شێوەیەکی دۆستانە هاریکاری یەکتر بکەن.

پرسیار لێرەدایە کە ئێمە وەک گەلی کورد کە گەلێکی بن دەستین چۆن دەتوانێن رێگای چارەسەری گونجاو ببینینەوە بە پێ هەلومەرجی پێک هاتەی کۆمەلگا؟
رێبەرمان بەرِیز(ئەبدوڵا ئۆجەلان) لە سالی 2005 دا فکریەتێکی نوێ و ریگا چارەیەکی چارەنوس سازی بە پی پێک هاتەی کۆمەڵگای کورد هێنا ئاراوە.
ئویش سیستمی کۆنفیدرالیسمی دیموکراتیە لە رۆژ هەڵاتی ناوین.ئەم سیستەمە رێگاچارەی ئازادی و بە دەست هێنانی مافی نەتەوەی بن دەستە.سیستمی کۆنفیدرالیسمی دیموکراتی نا دەوڵەتی (مەدەنی)و گەلیە. لەم سیستەمەدا گەل خاوەن بریارە، و هەموو چین و توێژیکی کۆمەڵگا بە رێخستن دەبن، خاوەن هێزی پاراستنە.. هتد..
یەکێتی هەموو پارچەکانی کوردستان لە سیستمێکی کۆنفیدراڵی بە پێوێست دەبینی، یەکگرتوویی حیزب و رِێخراوە سیاسیەکان و رێخراوە مەدەنیەکان بە گرینگ دەبینێو بە نرخی دیموکراسی هەڵی دەسەنگێنێ.
دەبا هەمومان بۆ یەکگرتووی و ئەرکی نەتەوەیمان هەستین و هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەین و بۆ سیستمیکی کۆنفیدرالیسمی دیموکراتی تێبکۆشین.ئەڵبەت هەموو ئیدیۆلۆژیەک خاوەنی دیموکراسی نیە،بۆیە پێویستە بۆ وەدی هێنانی خەونەکانمان لە سیتمی کۆنفیدرالیسمی دیموکراتی بە شێوەیەکی ئازاد وە سەربەخۆ زیاتر پەرەی پێ بدەێن

سەرچاوەکان
کتێبی مێژوی فکری سیاسی بە زمانی نۆروێژی
(politisk ide historie)

بەیان نامەی سیستمی کۆنفیدرالیسمی دیموکراتی